**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە :**144 **لە** 2014/1/19

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (105) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (126) ساڵی 1980 ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :**

**ڕێنمایی ژمارە ( 1 ) ی ساڵی** 2014

**شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵانی ئۆتیزم لە سەنتەرەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی ( 1 ) :**

**مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە :**

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان - عێراق .

**دووەم :** وەزارەت : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم .

**سێیەم :** وەزیر : وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم .

**چوارەم :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان .

**پێنجەم :** بەڕێوەبەرایەتی : بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان .

**شەشەم :** بەڕێوەبەر : بەڕێوەبەری چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان .

**حەوتەم :** سەنتەر : سەنتەری شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵانی ئۆتیزم .

**هەشتەم :** لیژنەی هونەری : لیژنەیەکی پسپۆڕە پێکدێت لە شارەزایانی ئەم بوارە بۆ دەستنیشانکردنی منداڵانی ئۆتیزم .

**نۆیەم :** ئۆتیزم : بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە تێکچوونی گەشەی مێشک کە کاردەکاتە سەر کارو چالاکی فەرمانەکانی مێشك وە لە دەرکەوتەکانیدا لە ( 18 ) هەژدە مانگی یەکەمی تەمەن هەستی پێدەکرێت و کاردەکاتە سەر ئەم ڕەفتار و دەرهاویشتانەی خوارەوە :

1. نەبوون یان لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی .
2. نەبوون یان لاوازی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی .
3. بوونی ڕەفتاری دووبارە و یەکڕێچکە .

**ماددەی ( 2 ) : ئامانج :**

دابینکردن و مسۆگەرکردنی مافی منداڵانی ئۆتیزم و گرتنەبەری هەموو ڕێککارێك کە دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی فێرکردن و ڕاهێنان و شیاندنیان و تێکەڵبوونیان بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا .

**مادەی ( 3 ) : مەرجەکانی وەرگرتن و دابڕان :**

**یەکەم : مەرجەکانی وەرگرتن :**

1- دانیشتووی هەرێم بێت 2- نەخۆشی گواستراوەی نەبێت 3- تەمەنی لە (3)سێ ساڵ کەمترنەبێت

4- دەستنیشان کرابێت لەلایەن لیژنەی هونەری .

**دووەم : مەرجەکانی دابڕان :**

1. لە دەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی وەرگرتن .

2. ئەگەر دەرکەوت دواکەوتنی ژیری توندی هەبوو .

**ماددەی ( 4 ) :**

ئەگەر منداڵەکە بەرەو پێشچوونی هەبوو لە رووی شیاندنەوە دەگوازرێتە قوتابخانەیەکی سەر بە وەزارەتی پەروەردە نزیك شوێنی نیشتەجێ بوونی کە پۆلەکانی پەروەردەی تایبەتی هەبێت .

**مادەی ( 5 ) : دەوامی سەنتەر :**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی هونەری هاوبەش پێکدێنێت لە هەر پارێزگایەك بۆ دەستنیشان کردنی منداڵی ئۆتیزم پێکدێنێت لە :

1-پزیشکی دەروونی پسپۆڕ 2- پزیشکی پسپۆڕی دەمار 3- پزیشکی پسپۆڕی منداڵان

4- توێژەری دەروونی 5- توێژەری کۆمەڵایەتی 6- پسپۆڕی راهێنان لەسەر قسەکردن .

**ماددەی ( 6 ) :**

**یەکەم : دەوامی ساڵانە :**

دەوامی ساڵانە لەم سەنتەرانە لە (8/1)ی هەموو ساڵێك دەست پێدەکات تاوەکو (6/30)ی ساڵی دواتر

**دووەم : دەوامی هەفتانە :**

1. دەوامی هەفتانەی سەنتەرەکان ( 5 ) رۆژە لە هەفتەیەکدا .

2. رۆژانە دەوام (6) کاتژمێر دەبێت لە کاتژمێر (8)ی سەرلەبەیانی دەست پێدەکات تا کاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆ .

3. هەموو پشووە فەرمیەکان دەیانگرێتەوە .

**مادەی ( 7 ) :**

**یەکەم :** سەنتەرەکان سەرپەرشتی دەکرێن لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی پسپۆڕ لە دیوانی وەزارەت و بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان .

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی کەمئەندامان لە پارێزگاکان خزمەتی تەندروستی و راهێنان و شیاندن و خۆشگوزەرانی پێشکەش بە منداڵانی سوودمەند لەم سەنتەرانە دەکەن لەگەڵ دابین کردنی کەلوپەل و هۆکاری فێرکردن و راهێنان و شیاندن بۆیان کە یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و شیاندن لە رووی تیۆری و پراکتیکی بە هاوکاری وەزارەتەکانی تەندرووستی و پەروەردە.

**ماددەی (8) : ستافی سەنتەر :**

**یەکەم :** بەرێوەبەر : هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی بێت و پسپۆڕبێت لەم بوارە ،ئەرکەکانی ئەمانەن:

1. بەرێوەبردنی سەنتەر و بەرپرسیاریەتی هەموو چالاکی وبەرێوەچوون ودابەشکردنی ئەرکی ستافی سەنتەر و چاودێری کارەکان و هەر شتێکی تر کە پەیوەستبێت بەپرۆسەی شیاندن لەپەیمانگا لە ئەستۆیەتی .
2. بەرزکردنەوەی راپۆرتی مانگانە بۆ بەرێوەبەرایەتی .

**دووەم :** یاریدەدەر : دەبێت هەمان بڕوانامە و شارەزایی بەرێوەبەری هەبێت و ئەرك و دەسەڵاتەکانی لەلایەن بەرێوەبەرەوە دیاری دەکرێت .

**سێیەم : توێژەر :**

هەبوونی بەلایەنی کەم توێژەرێکی دەروونی و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ، کە شارەزاییان لە (2) دوو ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری پسپۆڕیەکەیان لە سەنتەرو دامەزراوە پەروەردەییەکان و ئەرکەکانیان ئەمانەن :

1. دیراسەکردنی باری منداڵەکان .
2. هەماهەنگی لەگەڵ خێزانی منداڵەکان و سەردانی بەردەوام .
3. کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بە منداڵەکان .
4. بەرزکردنەوەی راپۆرت دەربارەی منداڵەکان .
5. هاوکاری کردنی مامۆستاکان .

**چوارەم : مامۆستا :**

دەبێت دەرچووی یەکێك لە کۆلێژەکانی بنەرەت بێت و شارەزایی لە (2) دوو ساڵ کەمتر نەبێت یان دەرچووی یەکێك لە پەیمانگاکانی پەروەردەیی و فێرکاری بێت شارەزایی لە (4) چوار ساڵ کەمتر نەبێت وە راهێنراوبن لەسەر پەروەردە وراهێنان وشیاندنی منداڵی ئۆتیزم ، لەگەڵ بوونی :

1. مامۆستایەکی پسپۆر لە بواری راهێنان لەسەر قسەکردن بە منداڵی ئۆتیزم .
2. بوونی مامۆستایەکی پسپۆر لە بواری مۆسیقا .

- ئەرکەکانی مامۆستا :

1. بۆ چارەسەرکردنی تاك هەر مامۆستایەك فێرکردنی یەك یان دوو منداڵ لە ئەستۆ دەگرێت .
2. مامۆستایانی پۆلەکە پێکەوە هاوکاردەبن و بەشداری لەگەڵ یەکتری دەکەن لە پرۆسەکە لەو بڕگانەی کە دەبێت بە کۆمەڵ و پێکەوە ئەنجامی بدەن لە پێناو سەرکەوتن لە کارەکەیان .
3. تەرخانکردنی ماوەی نیو کاتژمێر لە کۆتایی دەوام بۆ دانانی پلانی رۆژی دواتر و ئامادەکردنی هۆکاری فێرکردنی پێویست بۆی .
4. دانانی پەڕاوێك بۆ نووسینی ئەو زانیاریانەی رۆژانە دەداتە منداڵەکە و ناردنی بۆ خێزانەکەی بۆ ئەوەی ئەوانیش بە کاریبهێنن لە بواری مامەڵەکردن و فێرکردن و شیاندنیان .
5. هەڵسەنگاندنی منداڵەکان لە رووی ئاستی فێربوون و بەرەوپێشچوونەوە .

**پێنجەم :** راهێنەری هونەری : دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بێت و راهێنراوبێت بە باشی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزم .

**شەشەم :** چارەسەرکەری سروشتی : پزیشك بێت و راهێنراوبێت لە بواری چارەسەری سروشتی .

**حەفتەم :** فەرمانبەری IT : پێویستە (2) دوو فەرمانبەر هەبێت کە پسپۆربن لە بواری ئایتی و کۆمپیوتەر ، ئەرکەکانیان ئەمانەن :

1. داخل کردنی زانیاریەکانی رۆژانە کە لە سەر منداڵانی سەنتەر وەردەگیرێت .
2. شیکردنەوەی زانیاریەکان و خستنەڕووی دەرەنجامەکان و ئاگادار کردنەی بەڕێوەبەر و مامۆستایان و توێژەران مانگانە .
3. کردنەوەی دۆسیەیەکی تایبەت بە نووسین و بەکۆمپیوتەر بۆ هەر منداڵێك کەبریتی دەبێت لە فۆڕمی وەرگرتن و بڕیاری لیژنەی پزیشکی وراپۆرت وزانیاریەکان کە لەلایەن توێژەرو مامۆستایان دەنووسرێت.
4. بەرێکردنی نووسراو و ئەرشیفی کارگێڕی .

**هەشتەم :** چاودێر : پێویستە بەلایەنی کەم دەرچووی ( 9 ) ی بنەڕەتی بیت ، ئەرکەکانی ئەمانەن :

1. چاودێری لە هەموو جێگایەکی سەنتەر بوونی دەبێت ، لە رێڕەو و گۆڕەپان و باخچە و هۆڵەکان و ئاودەست ... هتد .
2. هەر ( 4 ) چوار منداڵ ، یەك چاودێری دەبێت .

**نۆیەم :** فەرمانبەری ژمێریاری : دەرچووی یەکێك لە کۆلیــژ یــان پــەیمانگاکانی ژمێریــاری بێــت بــە مەبەستی راگرتنی داهات و خەرجیەکان و هاوسەنگیان لە سەنتەر .

**دەیەم :** دایەن : هەبوونی بەپێی پێویست بۆ خاوێنکردنەوەی منداڵەکان .

**یازدەهەم:** فەرمانبەری پاککەرەوە:هەبوونی فەرمانبەری خزمەتگوزاری بەپێی پێویست بۆپاك راگرتنی سەنتەر

**دوازدەهەم :** پاسەوان : دوو پاسەوان پێویستە هەبێت .

**سیازدەهەم :** باخەوان .

**چواردەهەم :** فەرمانبەری پرسگە.

**ماددەی (9) :** باڵەخانەی سەنتەری ئۆتیزم :

دەبێت تایبەتمەندی هەبێت و جیاوازبێت لە هەموو سەنتەر و قوتابخانەکانی تر وەك لە خوارەوە دیاریکراوە

**یەکەم :** نابێت رووبەری لە ( 600 ) مەتر کەمتربێت و دەبێت یەك نهۆم بێت .

**دووەم :** پێویستە باخچەی گونجاوی هەبێت .

**سێیەم :** پرسگە : دەبێت لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی سەنتەر بێت .

**چوارەم :** دیوارەکانی دەرەوەی سەنتەر دەبێت بەرزیەکەی لە ( 2 ) م کەمتر نەبێت .

**پێنجەم :** پانتایی پۆلەکان : دەبێت لە ( 4 × 5 ) م کەمتر نەبێت .

**شەشەم :** پەنجەرەکان : دەبێت لە بەرزایی ( 1 ) م بۆ سەرەوە بێت لەسەر زەوی .

**حەفتەم :** دیوارەکانی تا بەرزایی (125) سم دادەپۆشرێت بە مۆکێت یان کەرەستەی پلاستیکی نەرم .

**هەشتەم :** هۆڵیٚ ناوخۆی سەنتەر : رووبەرەکەی لە (4 × 10)م کــەمتر نــەبێت بــۆ چــالاکی وەرزشــی ناوەوەی سەنتەر .

**نۆیەم :** دەرگای سەرەکی : پێویستە بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی کاربکات و پاسۆردی هەبێت تەنها لەلایەن کارمەندانی سەنتەر بکرێتەوە .

**دەیەم :** هەبوونی دەرگای فریاکەوتن .

**یازدەهەم :** هەبوونی سیستەمی کامێرایی لە ناو سەنتەر بۆ چاودێری هەموو جێگایەکی سەنتەر .

**دوازدەهەم :** بوونی ژوورەکانی بەڕێوەبردن وکارگێری وخزمەتگوزاری بە پێی پێویست .

**سیازدەهەم :** بوونی هەردوو جۆری ئاودەستی شەرقی و غەربی لە ناو سەنتەر .

**چواردەهەم :** بوونی مەرجەکانی تەندروستی لە بینایەکە .

**پا زدەهەم :** بوونی مەرجەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی .

**ماددەی (10)** : شێوازی ڕێکخستنی پۆلی فێرکاری ئۆتیزم :

**یەکەم** : تەرخان کردنی گۆشەی بەرامبەر دەرگای پۆل بۆ دۆلابەکانی پاراستنی هۆکارەکانی فێرکردن و ئەو پێداویستیانەی کەلێی دروست دەکرێن لەگەڵ کەل و پەلەکانی تایبەت بە منداڵانی پۆل و جێگەی جل هەڵواسینی منداڵەکان لەگەڵ تەرخانکردنی بۆشاییەك لە تەنیشتیان بۆ هەڵواسینی خشتە وپلانی رۆژانە و هەفتانە.

**دووەم** : تەرخان کردنی گۆشەی دووەم بۆ کۆمپیتەرەکانی فێرکاری نوێ کە سەرنجی منداڵ رابکێشێت .

**سێیەم** : تەرخان کردنی گۆشەی سێیەم بۆ چالاکیە پراکتیکیەکان لەلایەن مامۆستایان و منداڵەکان لە ڕاهێنانەکانی فێرکاری و شیاندن .

**چوارەم** : تەرخان کردنی ناوەراستی ژووری پۆل بۆ دانیشتنی منداڵەکان بەشێوەی نیوە بازنەیی و مامۆستاکا ن بەرامبەریان دەبن بەمەبەستی کۆنترۆل کردن و بینین و بەشداری پێکردنی هەموو منداڵەکان لە وانە تیۆرییەکان بە بەکارهێنانی هۆکاری فێرکردنی بینراو بیستراو و بەرجەستە .

**پێنجەم** :نابێت کەل و پەلی لەشووشە دروستکراو و تیژو برینداركەر و پەت و داو و وایەر لەپۆلدا هەبێت.

**ماددەی (11)**: بەرنامە و پرۆگرام :

لەبەرئەوەی منداڵی تووشبوو بە ئۆتیزم حاڵەتێکی تایبەت و زەحمەتە بۆیە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان و پەروەردە و راهێنان و شیاندنیان تایبەت دەبێت بە بەکارهێنانی ڕێگای فێرکردن و شیاندن (تاك و كۆ ) لە یەك کاتدا ، بۆیە پرۆگرام و بەرنامەکانی شیاندنی تایبەت بەوان بریتی دەبێت لە بڕگەی تیۆری و پراکتیکی کە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بواری پەروەردەیی و فێرکاری و تەندرووستی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە دادەنرێ بۆ ئەم مەبەستە سوود لە شارەزایی ولاتانی تر وەربگیرێت .

**ماددەی (12)**:

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە و کۆمەڵە و رێکخراوەکانی تایبەت بە ئۆتیزم لیژنەیەکی تایبەت پێکدێنێت بۆ دانانی بەرنامەو پرۆگرام پێکدێت لە :

1. پزیشکی دەروونی پسپۆڕ 2- پزیشکی پسپۆر لە بواری ئۆتیزم 3- شارەزای پەروەردەیی و فێرکاری 4- توێژەری دەروونی 5- توێژەری کۆمەڵایەتی 6- کەسانی پسپۆر لەم بوارە .

**ماددەی (13)**:

هەڵسەنگاندن : کارگێڕی سەنتەر فۆرمێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی منداڵەکان ئامادە دەکات بە بەشداری مامۆستایانی پسپۆڕ و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پزیشکی دەروونی ، ئەم فۆرمە

رۆژانە لەلایەن مامۆستای تایبەت بە منداڵەکەوە لە کۆتایی دەوام پڕدەکرێتەوە و پێشکەش بە بەشی زانیاریەکانی سەنتەر (IT) دەکرێت بۆ داخل کردنیان لەسەر کۆمپیوتەر و جیاکردنەوە و شیکردنەوەیان وە دەرەنجامەکان مانگانە دەدرێتەوە بەڕێوەبەی سەنتەر و مامۆستایان و توێژەران ، و لە کۆتایی ساڵدا دەرەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی لەناو تۆماری تایبەت بە وەرگرتنی قوتابیان تۆماردەکرێت لەگەڵ تۆماری هەڵسەنگاندنەکان کە بە دەستەواژەی ( زۆر باشە، باشە، مام ناوەند) دادەنرێت.

**ماددەی** (14):

**یەکەم** : سەنتەر هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ خێزانی منداڵەکانی ئۆتیزم .

**دووەم** : هەبوونی هەماهەنگی بەردەوام لە نێوان سەنتەر و خێزانی منداڵی ئۆتیزم بۆ بەدواداچوونی ڕەوشی منداڵەکان و ئەو منداڵانەی هەستی پێدەکرێت و تەمەنیان نەگەیشتۆتە سێ ساڵ .

**ماددەی** (15):

**یەکەم** : وەزیری کارو کاروباری کومەڵایەتی وە یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت ، دەسەڵاتی پێدانی مولەتی کردنەوە و سەندنەوە هەیە لە کارەی سەنتەرەکان لە کەرتی تایبەت

**دووەم** : ماوەی مۆڵەت (1) یەك ساڵە و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە .

**ماددەی** (16): مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت :

**یەکەم** : دانیشتووی هەرێم بێت .

**دووەم** : ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت .

**سێیەم** : ڕەوشتی باش بێت و حوکم نەدرابێت بە هیچ سزایەکی بەد ڕەوشتی .

**چوارەم** : بەڵێن بدات بە پابەندبوونی بە ڕێنماییەکانی کردنەوەی سەنتەر .

**ماددەی** (17):

لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەرێم ، لیژنەیەك پێکدێت بۆ وەرگرتن و دیراسەکردنی داواکاری بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری کەرتی تایبەت و سەرپەرشتی و بەدواداچوون و پشکنینی مەیدانی و دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکان ، وە پێکدێت لە :

1 . یاسایی .

2 . توێژەری کۆمەڵایەتی یان توێژەری دەروونی .

3 . نوێنەری تەندروستی .

4 . کەسێکی پسپۆڕ لەم بوارە .

**ماددەی (18):** وەزارەت هەڵدەستێت بە :

**یەکەم :** کردنەوەی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لەسەر ئاستی هەرێم .

**دووەم :** پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی سەنتەرەکانی ئۆتیزمی تایبەت .

**ماددەی (19):**

**یەکەم :** لە کاتێکدا خاوەنی سەنتەری کەرتی تایبەت سەرپێچی لە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەر بکات ، وەزیر وەیان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت بۆی هەیە ئەم رێککارانە بگرێتەبەر :

1 . ئاگادار کردنەوە :

2 . داخستنی سەنتەری کەرتی تایبەت دوای ئاگادار کردنەوەی یەکەم پاش تێپەڕبوونی ( 1 ) مانگ ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچیەکان .

**دووەم :** لە کاتی لێسەندنەوەی مۆڵەتی سەنتەری کەرتی تایبەت لەسەر فەرمانی وەزیر وەیان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت ، قوتابیەکانی سەنتەری هەڵوەشاوە دابەش دەکرێت بەسەر سەنتەرە حکومیەکانی هاوشێوەی .

**ماددەی (20):** سەنتەر پێویستە پابەندبێت بەم خاڵانەی خوارەوە :

**یەکەم :** ئاگادارکردنەوەی کەس و کاری سوودمەندان لە کاتی نەخۆش بوون و زیان پێگەیاندنیان .

**دووەم :** ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە کاتی گواستنەوەی شوێنی سەنتەر لە بینایەکەوە بۆ بینایەکی تر یاخود فراوان کردنی بیناکە .

**سێیەم :** ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە کاتی گۆڕانکاری و چاککردنی سیستەمی ناوخۆیی سەنتەر.

**ماددەی (21) :**

ئەم رێنماییە جێ بە جێ دەکرێت لە رێکەوتی دەرچوونیەوە و لە رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .



وەقایعی کوردستان وقائع كوردستان

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**